# شەڕ لە کوردستان، ڕاپۆرتی ئاماری هەنگاو لە سەر شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی ساڵی ٢٠٢٠ کوردستان + خشتەی شەڕەکان

هەنگاو :لەماوەی ساڵی ڕابردووی زایینی و بە هۆی شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان حیزب و لایەنە کوردستانییەکان و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نزیکەی ٥٠ کەس گیانیان لە دەست داوە و یان برینداربوون.

بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لەماوەی ساڵی ٢٠٢٠ دا، لانیکەم ٢٣ تێکهەڵچوون لە کوردستان ڕووی داوە کە ١٠ حاڵەت کەمتر بووە لە ساڵی ڕابردوو.

بە پشتبەستن بە ئامارەکانی هەنگاو، لە ئەنجامی ئەو تێکهەڵچوونانەدا ١٧ ئەندامی سپای پاسداران، هێزی ئینتزامی و ئەندامی بەسیجی ئێران کوژراون و لە بەرانبەردا ١١ ئەندامی حیزبە کوردستانییەکان و ئەندامێکی ڕێکخستنی ئەو حیزبانە گیانیان لە دەست داوە.

هەروەها گریلایەکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) پژاک (لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە بە دیل گیراون.

زیاترین تێکهەڵچوون لە پارێزگای سنە تۆمار کراوە کە لە کۆی ئەو ٢٣ تێکهەڵچوونە ١٣ حاڵەتی لە پارێزگای سنە ڕووی داوە .لە پارێزگای ئورمیەش ١٠ حاڵەتی تێکهەڵچوون تۆمار کراوە

## جیاکردنەوەی تێکهەڵچوونەکان

لە کۆی ئەو تێکهەڵچوونانە پژاک و پ ک ک بەرپرسیارێتی ١٠ تێکهەڵچوونیان بە ئەستۆ گرتووە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

)حدکا (و گرووپەکانی نزیک لەو حیزبە) هەڵۆکانی زاگرۆس (٦ تێکهەڵچوونیان ئەنجام داوە.

هیچ حیزب و لایەنێک بەرپرسیارێتی ٧ تێکهەڵچوونی دیکەی بە ئەستۆ نەگرتووە .بەڵام بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی هەنگاو ئەو ٧ تێکهەڵچوونە کە هەمووی لە ماڵپەڕی هەنگاو بڵاو کراوەتەوە لەلایەن هێزەکانی نزیک لە پژاک و حدکا ئەنجام دراون.

## قوربانیانی لایەنە سیاسیەکان

بە پشتبەستن بە ئامارەکانی هەنگاو، لە ئەنجامی ئەو ٢٣ تێکهەڵچوونەدا ١١ گریلای پژاک و پ ک ک و ئەندامی نهێنی پژاک گیانیان لە دەست داوە.

میدیاکانی نزیک لە پ ک ک و پژاک لەو ١٢ کەسە تەنیا ناسنامەی پێنج کەسیان بڵاو کردووەتەوە و بە فەرمی ڕایانگەیاندووە کە ناوەکانیان لە ناوەندی ئامار و بەڵگەنامەکانی هەنگاو تۆمار کراوە.

هەروەها، بە پشتبەستن بە ئامارەکانی هەنگاو، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لانیکەم ١٠ گریلای پژاک لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی هەرێمی کوردسان بە هۆی بوردمانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیاوە گیانیان لە دەست داوە.

## تۆپباران و هێرشی ئاسمانی

لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٠دا هێزەکانی سپای پاسداران ١٦ جار بەرزاییەکانی کوردستانیان تۆپباران کرد و دوو ژاریش بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بنکەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزێسیۆنی حکوومەتیان لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کردە ئامانج.
لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانانە هاووڵاتییەکی مەدەنی لە دیواندەرە بریندار بووە.

## لە ساڵی ڕابردوودا ١٥ لاوی ڕۆژهەڵاتی لە باکوور، ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان گیانیان لە دەست داوە

بە پشتبەستن بە ئاماری هەنگاو، لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٠ دا، ١٥ گریلای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و حیزبەکانی نزیک لەو حیزبە، لە باکوور، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان گیانیان لە دەست داوە.

پارتی کرێکارانی کوردستان گیان لە دەست دانی ئەو ١٥ گریلایە بە فەرمی لە میدیاکانی خۆی بڵاو کردووەتەوە.

بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی کە دەست هەنگاو کەوتووە و ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجاممان داوە، وەک هەنگاو پشتڕاستی دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران هێشتاش پێبەندی مافەکانی پشتیوانی چاوەدێر لە شەڕە چەکدارییە نێوخۆییەکاندا و یاسا بنەماییە مرۆڤدۆستانەکان وەکوو قەدەغە کردنی بەکار هێنانی چەک و چۆڵی تەقینەوەی و هەروەها جیاکردنەوە حەشیمەت و شوێنی ناسەربازی لە ئامانجە سەربازییەکان نییە.

**راپۆرتی ئاماری هەنگاو لە سەر تێکهەڵچوونە چەکدارییەکانی ٢٠٢٠ی کوردستان**

# خشتەی تێکهەچوونەکانی ساڵی ٢٠٢٠

| ریز | شار | رێکەوت | حیزب | شوێن | ق.حیزبەکان | ق.هێزەکانی ئێران |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بانه | ١٢.١.٢٠٢٠ | نادیار | بانه | | ١بریندار |
| ٢ | بانه | ١٥.٣.٢٠٢٠ | نادیار | بانه | | ١ کوژراو |
| ٣ | بانه | ٢٢.٣.٢٠٢٠ | نادیار | بانه | | ١بریندار |
| ٤ | دیواندەر | ٥.٥.٢٠٢٠ | پژاک | شاقەڵا | | ٣کوژراو و ٥ بریندار |
| ٥ | دیواندەره | ٩.٥.٢٠٢٠ | نادیار | شاقەڵا | | نادیار |
| ٦ | ئورمیه | ١٥.٥.٢٠٢٠ | هەڵۆکانی زاگرۆس | زێوه | | ٣ بریندار |
| ٧ | مەریوان | ١٩.٥.٢٠٢٠ | پژاک | ڕەشەدێ | ٢گریلا | ١ کوژراو و ٣ بریندار |
| ٨ | سەردەشت | ٢٩.٥.٢٠٢٠ | | بوڵفەت | | ٣ کوژراو |
| ٩ | ئورمیه | ٢٣.٦.٢٠٢٠ | پ ک ک | کوران | | ٣ کوژراو |
| ١٠ | پیرانشار | ٢٤.٦.٢٠٢٠ | حدکا | سنوور | | نادیار |
| ١١ | سەوڵاوا | ١٥.٧.٢٠٢٠ | پژاک | بڵبەر | | ٢ کوژراو و ٢ بریندار |
| ١٢ | شنۆ | ٢٠.٧.٢٠٢٠ | حدکا | سیاکێو | | نادیار |
| ١٣ | ماکۆ | ٢٣.٨.٢٠٢٠ | پ ک ک | ماکۆ | ٣ گریلا | نەیبووە |
| ١٤ | پیرانشار | ١١.٩.٢٠٢٠ | حدکا | کانی خودا | | نادیار |
| ١٥ | مەریوان | ١٢.٩.٢٠٢٠ | پژاک | ژاڵانه | | نادیار |
| ١٦ | مەریوان | ١٢.٩.٢٠٢٠ | حدکا | سەردۆش | | نادیار |
| ١٧ | پیرانشار | ١٧.٩.٢٠٢٠ | هەڵۆکانی زاگرۆس | زیوه | | ١ کوژراو |
| ١٨ | مەهاباد | ١٧.٩.٢٠٢٠ | پ ک ک | کۆنە دێ | ٢ گریلاو ١ ڕێکخستن | نەیبووە |
| ١٩ | کامێران | ٣٠.٩.٢٠٢٠ | پژاک | تیلەکۆ | ١گریلا | نادیار |
| ٢٠ | سنه | ٦.١٠.٢٠٢٠ | نادیار | ژاوەرۆ | | نادیار |
| ٢١ | مەریوان | ٧.١٠.٢٠٢٠ | نادیار | باڵک | | نادیار |
| ٢٢ | مەریوان | ١١.١٠.٢٠٢٠ | پژاک | ڕەشەدێ | ٣ گریلا و ١ دیل | نەیبووە |
| ٢٣ | ئورمیه | ١٣.١١.٢٠٢٠ | پ ک ک | تەرگەوەر | | ٣ کوژراو و ٤ بریندار |
| ٢٤ | | | | | | |
| ٢٥ | **کۆ** | | | | **١٢ کوژراو و ١ دیل** | **١٧ کوژراون و ١٩ بریندار** |

# خشتەی تایبەت بە تۆپبارانەکان لە ساڵی ٢٠٢٠

| ریز | شار | ڕێکەوت | شوێن | جۆری هێرش | قوربانییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دیواندەرە | ٩.٥.٢٠٢٠ | شاقەڵا | تۆپباران | هاوڵاتیەکی مەدەنی |
| ٢ | مەریوان | ١٩.٥.٢٠٢٠ | ڕەشەدێ | تۆپباران | نەبیووە |
| ٣ | چۆمان | ١٦.٦.٢٠٢٠ | ئالانە | تۆپباران | نەبیووە |
| ٤ | چۆمان | ١٧.٦.٢٠٢٠ | ئالانە | تۆپباران | نەبیووە |
| ٥ | چۆمان | ٣.٧.٢٠٢٠ | هەڵگورد | تۆپباران و پێهپاد | نەبیووە |
| ٦ | سیدەکان | ٣.٧.٢٠٢٠ | هەڵگورد | تۆپباران | نەبیووە |
| ٧ | سیدەکان | ٩.٩.٢٠٢٠ | سیدەکان | تۆپباران و پێهپاد | نەبیووە |
| ٨ | مەریوان | ١٢.٩.٢٠٢٠ | سەردۆش | تۆپباران | نەبیووە |
| ٩ | ئورمیە | ١٤.٩.٢٠٢٠ | مەرگەوەڕ | تۆپباران | نەبیووە |
| ١٠ | سنە | ٦.١٠.٢٠٢٠ | ژاوەرۆ | تۆپباران | نەبیووە |
| ١١ | مەریوان | ٧.١٠.٢٠٢٠ | باڵک | تۆپباران | نەبیووە |
| ١٢ | کامێران | ٣٠.٩.٢٠٢٠ | تیلەکۆ | تۆپباران | نەبیووە |
| ١٣ | مەریوان | ١١.١٠.٢٠٢٠ | ڕەشەدێ | تۆپباران | نەبیووە |
| ١٤ | مەریوان | ١٢.٠.٢٠٢٠ | ڕەشەدێ | تۆپباران | نەبیووە |
| ١٥ | سیدەکان | ٢٩.١٠.٢٠٢٠ | بەربەزین | تۆپباران | نەبیووە |
| ١٦ | ئورمیە | ١٤.١٠.٢٠٢٠ | تەرگەوەڕ | تۆپباران | نەبیووە |
| ١٧ | | | | | |
| ١٨ | | | | | |
| ١٩ | | | | | |
| ٢٠ | | | | | |